*Komeley xwêndikaranî*
*Kurdistan le derewey welat*
- Liqî Yekêtî-y Sovyet

Kurdistan Students' Assosiation
Abroad - Soviet Union Branch

جمعية طلبة كردستان خارج الوطـــن

( فرع الاتحاد السوفيتى )

*

## البيان الختامى لاجتماع الفرع

بعد لقاءات عديدة بين اعضاء الجمعية فى الاتحاد السوفيتى و دراسةاوضاع الفرع و بذل الجهود لاحيائه وبث النشاط فيه على نهج كردستانى تقدمى قررت مجموعة من الطلبةالاكراد الموجودين فى الاتحاد السوفيتى شعروا منهم بالواجب الوطنى الملقى على عاتقهم و استجابة لدعوة اللجنةالادارية العامة لجمعية طلبة كردستان خارج الوطن عقد اجتماع للتداول فى الامور التى تواجه الفرع و اتخاذ القرارات اللازمة بشانها .

افتتح الاجتماع بالوقوف دقيقة واحدة على ارواح شهداء كردستان . بعد ذلك تلى منهاج و دستور جمعية طلبةكردستان خارج الوطن الذى اقره المؤتمر السابع عشر المنعقد فى فرانكفورت ( ١٣ — ١٧ / ٨ / ٧٦ ) فنال موافقةالحاضرين و تم عقد الاجتماع و تحديد العضويةعلى اساسه .

انتخب الاجتماع لجنة للفرع التى شكرت بدورها الحاضرين على ثقتهم بها ثم تقدم المجتمعون باقتراحاتهم و توصياتهم حيث نوقشت و تم تثبيت ما يلى منها :

١ — المباشرة فورا بالعمل و توزيع الاعمال بين اعضاء اللجنة .

٢ — توثيق الاتصال باللجنةالادارية العامة و ابلاغها بقرارات الاجتماع و نشاطات الفرع المقبلة .

٣ — الاتصال بكافة المنظمات الطلابية التقدمية فى الاتحاد السوفيتى و الدخول معها فى نشاطات مشتركة لخدمة الاهداف المشتركة .

٤ — ابداء النشاطات الضرورية و الممكنة لخدمة قضايا الشعب الكردى فى كافةاجزاء كردستان و ذلك حسب توجيهات اللجنةالادارية العامة وعلى اساس منهاج و دستور الجمعية .

٥ — وضع برنامج للنشاطات و الاعمال القادمة .

انتهى الاجتماع فى جو يسوده الحماس من اجل نشاط جدى وعمل متفانى لخدمة قضايا شعبنا الوطنية على اسس تقدمية معادية للامبريالية و الحكومات الرجعية ـ العميلة و الدكتاتورية ـ الشوفينية التى تضطهد شعبنا .

لجنةفرع الاتحاد السوفيتى

لجمعية طلبة كردســـتان خـــارج الوطـــن

اوائل شباط ١٩٧٧

*Komeley xwêndikaranî*
*Kurdistan le derewey welat*
- Liqî Yekêtî-y Sovyet

Kurdistan Students' Association
Abroad - Soviet Union Branch

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات
(لقی یەکێتیی سۆڤیەت)

*

## بەیانی کۆتایی کۆبوونەوەی لق

پاش چەند گفتوگۆ و دانوساندنێك لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەدا لە یەکێتیی سۆڤیەت، پاش باسکردن و لێکۆڵینەوەی باری لق و هەوڵ دان بۆ بوژاندنەوەی لە سەر ڕێبازێکی کوردستانیی پێشکەوتووانە، کۆمەڵێك لە خوێندکارانی کورد لە یەکێتیی سۆڤیەت لە هەستیانەوە بە ئەرکی نیشتمانیی سەرشانیان و لە سەر داخوازیی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمەڵە، ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی کۆبوونەوەیەك ڕێك بخەن بۆ باسکردنی ئەو مەسەلانەی بەرەوڕووی لق ئەبنەوە و بڕیاردانی پێویست و گونجاو لەو بارەیەوە.

کۆبوونەوەکە کرایەوە بە وەستان دەقیقەیەك بۆ گیانی شەهیدانی کوردستان، پاشان بەرنامە و دەستووری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات خوێندرایەوە، ئەوەی لە کۆنگرەی حەقدەهەمدا لە فرانکفورت ( ١٣ — ١٧ / ٨ / ١٩٧٦ ) بڕیاری لە سەر درابوو. کۆبوونەوەکە ئەم دەستوور و بڕیارانەی وەرگرت و لە سەر بناغەیان کۆبوونەوەکە ڕێك خرا و ئەندامان دیاری کران.

کۆبوونەوەکە کۆمیتەیەکی بۆ لق هەڵبژارد، کۆمیتەکەش پاش سوپاسکردنی ئامادەبووان بۆ ئەو بڕوایەی پێیان دان، دەستیان کرد بە ئامۆژگاری و پێشنیار وەرگرتن. پاش لێکۆڵینەوەی پێویست ئەم بڕیار و پێشنیارانە وەرگیران:

١ — دەسبەجێ دەستکردن بەکار و دابەشکردنی کاروبار لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەدا.

٢ — بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی داو ئاگادارکردنیان لە کۆبوونەوەی لق و بڕیارەکانی و لە چالاکییەکانی داهاتووی لق.

٣ — پەیوەندی کردن لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی خوێندکاران لە یەکێتیی سۆڤیەت و ڕێکخستنی کاری یەکگرتوو لەگەڵیاندا لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجەکانی هەردوولادا.

٤ — چالاکی نواندنی پێویست بەپێی توانا بۆ خزمەتکردنی مەسەلەی نیشتمانیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەپێی ئامۆژگارییەکانی ك.ب.ك و لە سەر بناغەی بەرنامە و دەستووری کۆمەڵە.

٥ — دانانی بەرنامەیەك بۆ چالاکی و کاروبارەکانی داهاتووی لق.

بە گیانێکی پڕ لە ئامادەیی یەوە بۆ چالاکی نواندن و کارکردنی لە خۆبوردووانە لە پێناوی خزمەتکردنی مەسەلەی نیشتمانیی گەلەکەماندا لە سەر بناغەیەکی پێشکەوتووانەی دژ بە ئیمپریالیزم و حکومەتە کۆنەپەرست و بەکرێگیراو و دیکتاتۆری و شۆڤینییەکان کە گەلی کورد و گەلانی ناوچەکە ئەچەوسێننەوە، کۆبوونەوەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات.

کۆمیتەی لقی یەکێتیی سۆڤیەت

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

سەرەتای شوبات ١٩٧٧